# درامای (گەردەلوول)و

# چەردەیەك ئاستەنگی هونەری

**یاسین حاجی قادر. لیدز**
yasinysaeed@yahoo.co.uk

هونەری دراما هەر لەگوتنەوەی حیكایەتو سەرگوزشتەی سەر زاری راوچییەكانی مرۆڤی چاخە دێرینەكان هاتۆتە ئاراوە، دراما پەیڤێكی گریكییەو مانای كار (ACT) دەبەخشێت، هەر لەو ئانو ساتەوە كە گێڕانەوەی چیرۆكەكان خۆیانخزاندە سەر سەكۆی نمایشكردن بەلاساییكردنەوە (محاكاة)، ئەرستۆ لەپەرتوكی "هونەری شیعر"دا ئەم هونەرەی بەدراما نێودێركردووە، ئیدی هونەری شانۆ، هێدی هێدی گەلانی دونیای تەنییەوە، لەهەموو جیهاندا بەدراما نێوزەند برا.



پاش دەرخەری شەپۆلی تەكنەلۆژی، دراما هەر لەسەر تەختەی شانۆ ئۆقرەینەگرت، خۆی ترنجاندە نێو دونیای فیلمی سینەمایی، لەدواییدا رادیۆو تەلەفزیونیش. لەسەرەتاكانی دە ساڵەی هەفتادا بەكوردستانی باشوریش ئاشنابوو، بەهۆی ئەو تروسكاییەی بۆ هونەرمەندانی كورد لەكەركوك TV هەبوون.

گەر ئاوڕێك لەساتەوەختەكانی هونەری درامای TV، بدەینەوە لەو دەمە دەمانەدا كە بەبەرەبەیانی دەركەوتەی درامای TV كوردی دادەنرێت، یەكەمین ئیپسۆد كامەبوو؟ ئەوە بەسەرەتای هەڵگیرساندنی ئەو مۆمە دادەنرێت لەمێژووی درامای كوردیدا.

هەر لەتەواوی كارەكانی كۆمەڵو نواندنو پێشڕەوو تیپەكانی تری كوردستان، دراماگەلێك تۆماركراون وێرای ئەوەی لەرووی تەكنیكی نوسینی سكرێپتو دەرهێنانەوە لاوازو داهێزبوون، وەلێ لەرووی تێزو تۆپیكو دیالۆگەوە چەردەیەكیان توكمەو راهێزبوون، بوونە پۆپیلستو مانەوەو

لەیادەوەری تەماشاوان گومنابن، بەرچاوترینیان دوو شاکارەکەی تیپی پێشڕەو (چەخماخەو لانەوازان)، لەگەڵ (بەهاری دزراوو مەرەزە)ی کەرکوك، (جەنابی موفەتیش‌و پیسکەی تەڕپیر)ی کۆمەڵ (نرخی ئازادی) تیپی نواندنی سلێمانی.

ئا لەو ئان‌و ساتانەدا مامۆستا سمکۆ ناکام، هەرە ئەکتیڤی قەڵەمەکان بوو، لەبواری نوسین‌و ئامادەکردن‌و وەرگێڕاندا، چونکە زانستیانە لێپێچینەوەو توێکاری لەسەر ئەنترۆپۆلۆگی مرۆڤی



کوردو سۆسۆلۆگی کۆمەڵگای کورد کردبوو، بۆیە لێزانانە قەڵەمەکەی لێخستبووە گەڕ، لێبەداخە ئیدی پاش ئۆقرەگرتنی لەتاراوگە، پەرەینەدایە ئەو بلیمەتی‌و بەهرەو دەست‌و خامە ناسکەی. خۆزیا لەم روناهیەی هەنوکەدا، پشتگیری‌و هیمەتی زێتر بۆ ئەم هونەرە بکرێت، لەبەر ئەوەی لەهەموو دونیادا لەلای بینەران هەرە باشی پرۆگرامی TV درامایە.

لەسێپتەمبەری 2005دا، لەیادی پەنجاهەمین ساڵرۆژی یەکەم پەخشی کەناڵی (ITV) ئینگلستاندا، کە ماوەی یەك هەفتە پرۆگرامەکانی کەناڵی ناوبراو قۆرخکرابوو بۆ ئەم ئەنێڤێسەرییە، لەنێوەندی هەموو پرۆگرامەکانیدا ئەم کەناڵە چەردەیەك لەپرۆگرامە بەناوبانگ‌و ناوازەکانی کردە کاندیدی راپرسیێکی جەماوەری، لەئاکامدا سۆپئۆپێرای خیابانی (کۆرەنەیشن) بەزۆرینەی دەنگ پەسەندکرا. خیابانی کۆرەنەیش زنجیرە درامایەکی TVیە لەدیسەمبەری 1960ەوە بەردەوامە تا هەنوکەو هەرگیزیش دوایی نایەت. هەر لەو یادەوەرییەوە کە دراما بەباشترین پرۆگرام هەڵبژێردرا، درامای (The bill) کە درامایەکی پۆلیسیەو لەساڵی (1984)ەوە بەردەوامە، یەك ئیپسۆدی راستەوخۆو زیندووی نومایشکرد بێ ئەوەی هەڵەیەکی هونەریی روبدات، سەرکەوتوانە بەئاکام گەیشت!

والاکردنەوەی دەروازەی کارکردن بۆ هونەرمەندانی پرۆفیشنەڵ‌و قاڵ‌و قوڵ‌و لێزان هەلاوێردی ژیاریانەیە، وەگەڕکەوتنی دراما بەستایڵی هونەری هاوچەرخانەو تەکنیکی زانستیانە، پشتبەستن بەمیتۆدی ئەکادیمیانە دەبێتە فاکتەری پەرەسەندن‌و دەرخەری کاری رەسەن‌و ناوازە. کاتی ئەوە هاتووە خەمخۆرانی ئەم هونەرە گیرۆدەو دەستخەڕۆی کەسانی ناشارەزاو ئەزمون‌و تەسکبین‌و هونەر کوێر نەبن! کارسانایی‌و پشتگیری کەسانی لێزان‌و بەئەزمون‌و کارابن، تاکو لەئایندەدا دوایی بەم زیللەت‌و میحنەت‌و سەختانگەی درامای کورد بێت. گەردەلوول هەنگاوێکی مژدە بەخشبوو، بووە مایەی خۆشنودی‌و شاگەشکەکردنی بینەرانی کورد، چاو چاوەڕوانی روناککردەوە، فەرەحیەکی ترنجاندە نێو هەناوی ئەوانەی غەریبی درامای TV یان دەکرد، بەرلەوەی بێمە قسان لەبۆچون‌و تێبینییە رەخنەییەکانم گەرەکمە بێژم گەردەلوول بەهەموو کەموکوڕیەکییەوە، دادەنرێت بەئەڵتەرناتیڤێك بۆ ئەو گاپ‌و کە لەبەرەی ئامادەیی هەیە، لەو دەلاقە

بەرچاوەی ئەوڕۆی درامای کوردی.. بەرەکەتیان تێبکەوێت.

هەوڵدانی ئەو گروهە هونەرمەندە بەوانەی پشت کامێراشەوە تەقەلاو زەحمەتی مامۆستا جەلیل زەنگەنە، نەفەسێکی فرە عاشقانەبوو بۆ بنەستکردن و بەئاکام گەیاندنی ئەم درامایە، بووە دەرخەری زێدەبزێوی کاری رەمەزانەکانی پێشوو، جگە لە (مەمی ئالان)ی هونەرمەند ناسر حەسەن. ئەم گوتارەم بێقەدرگرتن و نزم سەنگاندن و بەدۆزەخکردن و هەژمونی گەردەلوول نییە، ئاگربەردان لەخەرواری بەری زەحمەت و ماندوبوونی بەشدارەکانی نییە.

ئەڵبەتە راڤەکردن و شیتاڵکاریی چەردەیەك کەموکورتییە، خوێندنەوەیەکی ترەو هاندەرە بۆ بەخشش و ئەزمونی ئایندە کە قایمتر شوێنگە بگرێت، بەرزتر بەژن و جەستەی رابگیرێت، قەشەنگتر دەرخرێت.

چونکە کواڵەتی ئەم کارە درامیانە هەڵقوڵاوی رۆژگارە شومەکانی نەتەوەکەمانن، مەرامی توانج و ستایش ئامادەیی نییە، نەفەسی بوغزاوی و دزێویان لەپشتەوە نییە لەلای وەرگریش بۆ هەتا هەتایی بەزیندوویی دەمێننەوەو گومنابن.

نوسینی دراما ئەگەر پیەسی شانۆیی بێت، یان سکرێپتی سینەمایی و TV بەهەندێك چەمکەوە کار دەکات، ئیدی با بزانین لەمیکانیزمی گەردەلولدا تا چ ئەندازەیەك ئەو چەمکانە پراکتیزەکراون.

بەپێی پرانسیپ و رێسای نوسینی سکرێپتی درامای هاوچەرخ گەردەلوول فیکرو بیری ئۆریجناڵەتی بەقەڵەمی سکرێپتی نوسەرەکەیەوە رادەنوێنێت، واتە رەسەنایەتیەکەی لەخەیاڵ و ئەندێشەو یادەوەری نوسەرە، هەوێنەکەشی لەفاکت و واقیعێکی پێشینەوە میتافۆرکراوە، نەك فەمیلیەرو ئاشنابێت، واتە لەفیلمی هیندی و میسرییەوە تالانکرابێت و مۆنۆپۆلۆزەیشنی بینەرانی کوردی پێکرابێت، لەم نیگایەوە درامای گەردەلوول دەستپاکی نوسەرەکەی ئامادەیە. نوسەر بەخوێندنەوەیەکی ترەوە مامەڵەی لەکن روداوەکان کردووە، واتە کتومت فۆتۆکۆپی پوختەی مێژووی نەکردووە، ئەم دیدو نیگایە هونەری و تەندروستە لەنوسینی درامادا، چونکە درامانوس مێژوونوس نیە! لەمانە بترازێین بێینەوە سەر کزونزمییەکان، چەردەیەك گرێوگۆڵ و کێشەو کێبڕکێی روداوەکان، لەهەندێك دیمەندا بەرەو لاواز داهێزران رۆچون، لەبەر پتر بایەخداریی بەهەندێك بینراوی ڤۆلگەرایزو لابەلاو زێدەرۆیی گاڵتەئامێز کە تێمپۆو بالانسی لەبەژن و ستراکچەری دراماکە لاسەنگ کردبوو پاشان لێیان مشتوماڵ دەکەم. لەئیپسۆدی یەکەمەوە تۆپیکی درامی خۆی بەبینەران ناساند، بەمانایەکیتر سەرنجی وەرگری کێشکرد بۆ تەماشاکردن تاکو بنبەست و دواییەکەی.

ئەمێستاکە سکرێپت نوسانی مۆدێرن پیادەی ئەو پنتە دەکەن، لەئیپسۆدی سەرەتاوە رووداوەکە خۆشەویست دەکەن لای وەرگر، چونکە دروست نیە تەماشاوان گیرۆدەو دەستخەڕۆ بکرێت، تاکو ئیپسۆدی (5 تاکو 6) نائاگابێت لەمەسەلەکە، وەك لەچەندەیەك مێلۆدراما تەقلیدیەکانی میسریدا ئامادەیە، دەنا بینەران نەفسیان دەتۆرێت، پرێسی رێمۆت کۆنترۆڵەکەیان دەکەن کەناڵەکە دەگۆڕن تەماشای پرۆگرامێکی تر دەکەن، هەر لەسەرەتادا راوەدونانی گەنجێك لەگۆڕستانێکی شاردا، پاشان کوشتنی لەلایەن قواتخاسەکانەوە، وێنای نۆرەی

دیسپۆتیزمی سیستەمی بەعسبوو، لەو چرکەساتە شومانەدا بووە ناساندنی کرۆکی دراماکەو پەلکێشکردنی سەرنجی وەرگر بۆ ناو رووداوەکان دەبایە بەر لەچالاکییەکەی گروهی رێکخستن، وێنای ئەو نائومێدارییەی باڵی رەشی کێشابوو، بەسەر گەلی کورد بەتایبەت کوردستانی باشور پتر بایەخداریی پێبدرایە، ئەو چالاکییە ئومێدبەخشی بەبەرکردەوە، بەو کەسانەی هەڵایسانەوەی بزاڤی کوردایەتیان بەهەوڵدانێکی سیزیفی لەقەڵەم دەدا! ئەم وەرچەرخاندنە کوتوپڕییە گەر لەمیکانیزمی رووداوە دراماتیکیەکان بەرجەستەیتر چارەسەری بۆ بکرایە، ئەوا روخسارێکی ئیستاتیکیتری رادەنواند، چێژدارتر دەبوو لەلای بینەران. دەبایە پلانڕێژی چالاکییەکە بەبینراوی کردەیی، وەك کاری راسپاردنەکان و دابەشکردنی ئەرکەکان بەرجەستە بوایە، دەبایە باشتر جەختکردنی لەسەربایە ئەو دوو پێشمەرگەیەی کە لەسەر دیوارەکە بەچیچکانەوە دانیشتبوون، باشتربوو پێشوەخت خۆیان مەڵاسدەن و لەپارێزدابن، بەگرتەییتر سەرکەوتنیان بۆ سەربانی مزگەوتەکەی سەعید تەها کۆیی، شکاندنی قفڵ و کێلونی دەرگای بەیتونەکەی سەربان دیمەنەکەی فرە دەوڵەمەند دەکرد.

ئەم وردەکارییە هونەرییانە لەسیناریۆدا روداوەکان قایمترو جوانتر دەکات چوست و چاپوك بەرەوپێشیان دەبات، کاشکا کاك جەلیل زێتر پێی لەسەر ئەم دیمەنە بەهێزتر رابگرتایە، چونکە هەموو دراماکە تاکو بنبەست زۆرینەی چیرۆکەکان لەکانگای ئەم رووداوەوە رێچکە وەردەگرن. پاشان حەشاماتی خەڵکی بەنێو کوچەو کۆڵانەکاندا رایانبکردایە، وێنایەکی قڵیشاندنەوەی ئەو سەر وەختەی بکێشایە. چونکە سیناریۆ یان سکرێپت بەمانا هونەرییە زانستییەکەی یانی بەڤیژوەڵکردنی سینەری بینراوو باکگراوندی روداوو جوڵەی گۆشەکانی کامێرا لەبازنەی رووداوەکەدا کە بینراوێکی کردەیی و ئەکشن پێکدەهێنێت. ئەم بینراوەش دیمەنێکی ئەکشن بوو پێداویستی بەتیمپۆیەکی تیژترو وردەکاری هونەری زێتر هەبوو.

بەر لەدەرکەوتنی پارێزگارو گاردەکانی، دەبایە چەند ماشێنێکی رەیجی سالانی ئەو دەمو پێشوەختە بەخیابانەکەدا گوزەریان بکردایە، بۆ خاتری ئەوەی روخساری زەمەنەکە ئامادەیی هەبێت. لەدرامای مێژوویيدا دەبێت دیزاین و کەلوپەل و ماشێن و ئامێری ئەو دەمە گوزارشتی زەمەنەکەی پێبکرێت، لەمەش بترازێین شەقامی مەولەوی خیابانێکی سەرەکی ئەو وەختەو هەنوکەشە، نەدەبایە وا چۆڵ و هۆڵ بێت! لەدوای ماتۆڕەکانەوە (هەرچەند ئەو ماتۆڕانە هۆندابوون)، ئەو وەختە هۆندا لەئارادا نەبوو، لەدەساڵەی هەشتادا پەیدابوون، دەبایە ماشێنێکی پۆنتیاك ئەگەر ماشێنی پۆنتیاك دەستنەکەوت، هەر رەیجێکی ئەو دەمە بۆیاخێکی رەشبکرایەو بکرایەتە ماشێنی پۆلیسی (نجدە)، ئینجا مێرسیدسەکە لەپاشیەوە دوو پیکابی شۆفلێتی رەنگ زەیتونیی نەك ئەو لاندکرۆزە، چونکە ئەوە گاردەکانی پارێزگار بەکاریان نەدەهێنا، تەنها خەڵکی مەدەنی یان هەندێك دەستەی جاشەکانی ئەو وەختە پێیان بوو لەنێو خەڵکیشدا بە (شلەخەجێ) نێوزەند دەبرا. دەرهێنەر دەبایە هەموو پێداویستییەکانی بکردایەتە لیستێك و بیخستایەتە بەردەست بەڕێوەبەری بەرهەم، تاوەکو

بـۆی دابـین بکـەن، خـۆ ئەگـەر ئـەو ماشـێنانە لەسـلێمانی دەسـتنەکەون، لەشـارەکانی باشـوری عێراق فەراهەمن بەکرێ یان بەکڕین پەیدا دەبوو.

بریـا وەزارەتـی رۆشـنبیری بیرێـك لـەو ماشـێنە کۆنانـە بکاتـەوە لەهـەموو شـارو شارۆچـکەیەکی کوردسـتان گـەراجی تایبـەتیان بـۆ تـەرخان بکرێـت لەشـێوەی مۆزەخانـەدا، تـاوەکو لەفەوتانـدن بیانپارێزێـت، هەوڵبـدرێت لەباشـوری عێـراق ئـەو رەیجـە کۆنانـەی سـاڵانی پێـشینە بکـڕن و کۆیانبکەنـەوە، چـونکە بـۆ کـاری فـیلم و درامـای مێژوویی گـەلێك سودمەندن بۆ هەنوکەو نەوەکانی داهـاتووش، هـەروەك وڵاتـانی دونیـا کاتێـك درامایـەکی مێژوویی تۆمار دەکەن، سەدان ماشێن لەهەموو چەشنێك فەراهەمن.

یـەکێك لـەگرێ لاوازەکـان دەسـتگیرکردنی شـێرکۆی داواگـرە، لەئیپـسۆدی پێنجەمـدا کاتێـك لەماڵی مامی واتـە حاجی سەعید رۆیشتە دەرەوە، لەگەرمەی دەمەتەقێی نێوان هوشیارو رزگار لەگەڵ حـاجی سـەعیددا، ئـەم بینـراوە خـۆی کاریگـەرو بایەخدار بوو، لەسەرەتادا بۆچوونی حاجی ناتەبا بـوو لەگەڵیانـدا هەرچـەند حـاجی پیـاوێکی نیشتمانپەروەر بوو، وەلێ نائومێدیی پێوە دیاربوو دەبێـژێت "هـەڵگرتنی بـەردی گـەورە نیـشانەی نەهاویـشتنیەتی" لـەدوای ئـاڵوگۆڕی بیروبۆچـوون حـاجی یـەکانگیر دەبێتـەوەو دەبێـژێت "چـیتان ئـەوێت بۆتـان بکـەم". لەنێوەنـدی ئـەم دیمەنـەدا بەتەلەفۆنێك راگەیەندرا کە شێرکۆ گیراوە! رەوت و گـوزەرکردنی دوو چیرۆك لەیەککاتـدا لەسـەر هێڵـی درامی دروستە، بەڵام دروست نییە بەهیچ کلۆجێك یـەکتر لاواز بکـەن، واتـە چـیرۆکێك بایەخـداریی زیاتری پێبدرێت و ئەویدی لەقەڵەم بخرێت.

لاوازی ئەم گرێیە لەدوو جەمسەردایە.. شێرکۆ کەسـێکی یاسـایی و عـەرەبی زانـە، لـەنێو جانتاکەشیدا کۆمـەڵێك رەشنوسـی دادگـای تێدایـە کە وەك بەڵگەیەکی دەستهەست، کە ئەم کاراکتـەرە داواگـرە لـەدادگای سـلێمانی هـیچ دۆکـۆمێنتێکی دژی سیستەمی بەعس پێنەبووە، خۆشی کەسێکی بێلایـەن بـووە، هۆکارەکـان چـیبوون لەسـەری دەسـگیرکرا؟! خـۆ ئەگـەر کەسـێك تێـوەی نەگلانـدبێت و هەنـدێك بوختـانی بـۆ دانەتاشـیبێت، ئـەوا بـێ یـەك و دوو لـەدائیرەی ئـەمن مەرەخەسـیان دەکـرد. وەلێ خـۆ ئەمـە پاسـاوو بەهانـە نییـە بـۆ دەست و دڵنەرمیی رژێمی پێشینە! چونکە شێرکۆ کەسـێکی جودایـە لەگـەنجێکی نەخوێنـدەواری عەرەبی نەزانی ئەو وەختە، خۆ ئەگەر شیروانی برا بچوکی بوایە رێگای تێدەچوو مەنتیقیتر بوو.

پیـاوانی رژێـم سـەروەختی خـۆی بـەبێ هەواڵـداریکردنی کەسـێك یـان ماڵێـك، کاتێـك پەلاماری خەڵکیان دەدا یان لەسەر کراسی رەشبوو یـان کـاڵا پۆشـینی خـاکیی یـان ریش و پـشتێنی پان و..هتـد، یـان لەشـوێنگەیەکدا چالاکییەکی تیا ئەنجامـدرابێت، ئـەوا قـاڵس و دەمـارگیر دەبـوون و بەردەبونە گرتنی خەڵکی بێتاوان.

لاوازیـی جەمـسەری دووەم لـەرووی هونەرییەوەیە، لەسکرێپتی درامیدا ئەو چیرۆکانەی کـە روداوو گـرێ دراماتیکییـەکانیان لـێ دروسـت دەکرێـت، دەبێـت گێڕانـەوەکان وێنـەیی و کردەیـی بەرجەسـتە بکرێـت نـەك بەهـەواڵ و گێڕانـەوەی دیالۆگ بگوترێتەوە.

لەبەینی مشتومڕەکانی نێوان حاجی و هوشیارو رزگـار، دیمەنـەکان ببڕایـەو بچوایتە سـەر دیمـەنی قـوات خاسـەکان و شـێرکۆ، بارودۆخەکـە ڤیـژوەڵ

بوایەو بمانزانیایە هۆکاری چلۆن بوو، هەروەها چرپە چرپەکەی حەمە تاڵ کە ژمارەی تەلەفۆنەکەی ماڵەوەیانی لێوەرگرتووە. لەمانەیش بترازێین ئەم گرێیە بەلاوازیی و کەموکورتییەوە کرایەوە، هەر ئەو شەوە حاجی و محەمەدی باوکی شێرکۆ دەچن بۆ لای معاون پاشا لەبنکەیەکی پۆلیسخانە، لەپاش گێرانەوەی مەسەلەکە پاشا مفەوەز عەزیز بانگ دەکات و دەبێژێت "دوێنێ شەو کەسێك گیراوە لای ئێمە ناوی شێرکۆ محەمەد بێت"، رووداوەکە هەر ئەمشەو بوو، بەڵام لەلای معاون پاشا بوو بەدوێنێ شەو! لەدواییدا دەیاننێرێت بۆ لای عەریف حەمەتاڵ و لەوێندەرێ حاجی سەعید دیسانەوە لەبەردەم عەریف حەمەتاڵدا جەخت لەسەر ئەمشەو دەکات نەك دوێنی شەوو دەبێژێت "ئەم ئێوارەیە"، کەواتە رووداوەکە ئەمشەوە نەك دوێنێ شەو! هەروەها حەمەتاڵ دەبێژێت "ئەوە من بووم تەلەفۆنم بۆ کردن"، لێرەدا هەڵەیەکی تر دێتە گۆرێ، ئەمشەو حەمەتاڵ لەئێشکگرییە واتە دەبێت هێشتا نەگەڕابێتەوە بۆ ماڵەوە، دەبێت رۆژی ئایندە سەر لەبەیانی زوو بگەڕێتەوە بۆ ماڵەوە بۆ حەواندنەوەو خەوتن! بەهەرحاڵ کاتێك لەدەمەتەقێ دەبنەوە کە بەپارە مەرەخەس دەکرێت، خۆی گوتەنی بەو عەرەبیە جوانەی خۆی تەماس لەگەڵ ئەبو ئەرکان دەکات، دەبێژێت "ئی سەیدی ئەلف دینار"، هێشتا حەمەتاڵ بەئەبوئەرکانی نەگوتووە چییە مەسەلە، کەچی داوای هەزار دینار دەکات، تولانی نەدەمێ حاجی هەزار دینارەکەی دەداتێ. لێرەدا پرسیارێك قوتدەبێتەوە، هەزار دینار بۆ ساڵی 76؟ زێدەڕۆییە بۆ بەرەڵاکردنی کەسێکی بێلایەنی وەکو شێرکۆ، لەبەرئەوەی هەموو دوکان و خەزێنەکەی حاجی لەو وەختەدا باوەڕ ناکەم بەئەندازەی هەزار دینار رزقی تێدا بووبێت! لەمەیش قوتاربین هیچ کەسێك لەو وەختەدا نەبەشەو نەبەرۆژ هەزار دیناری لەبەرباخەڵدا هەڵنەدەگرت. بۆ درامای مێژوویی دەبێت نوسەر تەواو لێپێچینەوە لەسەر دۆخی ئابوری سەر وەختی رووداوەکان بکات.

دەستگیرکردنی رزگاریش لەئیسپۆدی هەشتەمدا، ئەم گرێیە خۆی حاڵەتێکی هەژێنەرەو بارگرژییەك دەخاتە نێو رێچکەی رووداوەکان، بریا ئاوا بەلاوازیی و بێلاموبالاتیی گوزەر نەبوایە، چونکە رزگار لەنێو چەقی رووداوەکاندا قورساییەکی هەیە، وەکو پێشتر لەدەستگیرکردنی شێرکۆ ئاماژەمدا بەبەرجەستەکردنی وێنەیی و کردەیی گێڕانەوەکان، رزگاریش هەر بەفۆرمی هەواڵ درکێنرا. تاوەکو ئیسپۆدی یانزەهەم، بینراوەکان نەچووە سەر ماڵی رزگار، بەتایبەت ماڵی رزگار شوێنگەی کۆبونەوەکانی رێکخستن بوو، لەمەیش قوتاربین وەکو دابونەریتی کوردەواریی دەبایە کەسوکارو ناسیاوو دەوروداوسێ سەردانی دایکیان بکردایە، تەنها لەبینراوێکی کورتدا پورە ئافتاو بەتەنیا بەسەر وێنەکانی رزگاری کوڕیدا شین و واوەیلایبوو.

قسە لەوە دەکرا ئازاد بگوێزنەوەو لەماڵێکی تر حەشاربیدەن، بەڵام لەبەر دیمەنە لێبوکیی و گاڵتەو فشقیاتەکانی قالەو سالە بارگرژیی ئەو بارودۆخە لەقەڵەم کەوت.

هەر لەبینراوێکی تردا کامەران و حاجی مشتومڕیانبوو لەسەر ئەو رەوشە خەتەرناکە، گەر رزگار لەژێر ئەشکەنجەداندا دانبنێت بەسەر ماڵی حاجیدا کە شوێن حەشارگەری ئازادە، ئەوا چارەنووسی خانەوادەکەیان داخۆ توشی چ کارەساتێکی تراژیدی دەبێت؟!

ئەم روداوە تەواو حاجی تووشی دڕدۆنگیی و شۆك و ترس كردبوو، هەر ئەمەش بووە هۆكاری جەڵدەی دڵی، چونكە حاجی پێشتر پێدەچوو نەخۆشیی دڵی هەبێت.. قالەو سالە لەهەمان دیمەندا بەو چڵێسییەی خۆیانەوە كردبویانە بەزموڕەزمێك لەسەر گیپە خواردن، سەرنجی هەست و سۆزی وەرگر لەسەر ئەم بینراوە هەژێنەرە دابڕاو بەرەو ئاقاری بزربوون گوزەر بوو! پێشتر ئاماژەمدا بەوەی كە دوو چیرۆك لەیەك كاتدا گوزەركردنیان ئاساییە، بەڵام نەك بەفۆرمی بینراوی ناوبراو، میكسكردنی خواردنی سەروپێ بەدەسگیركردنی رزگار، رێچكەی دراماكەیان بەرەو هەڵدێر بردبوو، ستراكچەری دراماتیكیان تەواو ئیفلیج و باڵانسی روداوەكەیان لاسەنگ كردبوو.

**ئاستەنگ و تەگەرەی كاراكتەر لەگەردەلوولدا:**

بونیادو داڕشتەی كەسایەتیی دراما دەبێت ئێجگار بەدیقەت و وردبینانە پێشینەو هەنوكەی كاراكتەرەكە لەرووی بەهاكانی سایكۆلۆگی و سۆسۆلۆگی و فسیۆلۆگییەوە وێنابكرێت و هونەرییانە دابڕێژرێت، ئەگینا بەهۆی دزەكردنی هەڵەیەكی ساناوە قەوارەو بارستایی كاراكتەرێكی تۆكمە لەنێو بازنەی روداوەكاندا شوێنلەق دەبێت، بگرە بەرەو هەڵدێرانیش دەڕوات، نوسەر هەمیشە دەبێت وەئاگابێت لەكاراكتەرەكان لەكاتی گوزەركردن و بەرەودان لەتەك چەمكەكانیتری ستراكچەری دراماكە، تاوەكو دەرئەنجام و بنبەست بێت.

یەكێك لەو كاراكتەرە سەنگینانەی ناو دراماكە حاجی سەعیدە، وێنای شەرافەتمەندیی و نەجابەت و كوردپەروەریی ببوونە مۆتیڤی ئەم



كاراكتەرە هاوشان لەگەڵ ئەو رۆحە پێشكەوتوخوازییەی كە هەندەیتر بەرزتر رایگرتبوو، جگەلەوەی پیاوێكی وابەستە بەئاینەوە، نوسەر وێنای كۆنەواریی و رێئەكشنەڵی نەخستبووە سەر هەیكەل و روخسارو ماهیەتی كاراكتەرەكە، ئەمە ببووە فاكتەری جوانبەخشینی كاراكتەرەكە. لەنێوەند بازنەی ئەم كاراكتەرەدا ئەو كەموكورتییەی كە نوسەر شكی پێنەبردووە لەپێشینەو باكگراوەندی كەسایەتیەكەدا.. لەئیپسۆدی پێنجەمدا حاجی سەعید لەبەردەم هوشیارو رزگاردا بەراشكاوی لەسەر پێشینەی خۆی دەبێژێت "لەگەڵ هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئەیلول بڕیارمدا شەرەفی بەشداریكردنم هەبێت، بستێك ریشم هێشتەوەو بڕیارمدا تا كوردستان رزگار نەكەین، ژن نەهێنم"! ئەوە ئەیلولی (61)، هەنوكەش (76).. واتە (15) ساڵ تێپەڕیووە، كامەران كوڕە گەورەی حاجیەو لەقۆناغی سێهەمی زانكۆیە، شوشوخانیش كیژە چكۆلەی حاجیەو خوێندكاری پۆلی چوارەمی دواناوەندییە، بەپێی تەمەنی منداڵەكانی، حاجی كاتێك كە چووەتە شاخ سونەتی بەجێهێناوەو ژنی هاوردووە، هەرسێ منداڵەكەشی لەژیاندابوون.

بەپێی ئەو دیالۆگەی كە ئاخ بۆ كارەساتی (75) هەڵدەكێشێت، واتە شێلگیرانە تاوەكو نسكۆی

(75) لەبۆتەی خەباتی پێشمەرگایەتیدا بووە. هەنوکە ساڵی (76)، یەك ساڵ بەسەر ئەو کارەساتەدا تێپەڕبووە، مێژووپاکیی خەسڵەتی پۆزەتیڤانەی کەسایەتیی حاجییە، لەگۆشەنیگای ئەم بۆچوونانەوە چەردەیەك پرسیار لێمان قوتدەبنەوە.. چۆن حاجی سەعید وا کتوپڕ لەماوەی یەك ساڵدا دەوڵەمەندبوو؟ چۆن و کەی سەفەری حەجی کردووە؟

وەڵامی ئەم پرسیارانە لەرێچکەی روداوەکانی ناو دراماکەدا نائامادەبوو، بەهیچ کلۆجێك ئاماژەی پێنەدرابوو، گەر ئاوڕێك لەو چرکەسات و رۆژگارە وەیشومانە بدەینەوە حکومەتی بەعسی داڕوخاو بەو چڤاك و حەشاماتەی کە گەڕابوونەوە بۆ ناو شارو دانیشتبوون، لەناو دۆسیەو فایلەکانیاندا بە (عایدون) ناونووسی کردبوون. پاوەری بەعس کۆنترۆڵی هەموو مافێکی لەهاولاتیبوونی کردبوون، لەوانە رێگرتن لەگەشت و گوزەرکردن بۆ دەرەوەی عێراق، رێگرتن لەتەوزیفکردنیان لەدام و دەزگاکانی دەوڵەت، ئەمانەو نمونەگەلێکیتر کە ناکرێت لەگوتارێکی ئاوادا درێژەی بدەمێ. زۆرینەی ئەو چڤاکانەش دورخرانەوەو نەفیکران بۆ باشوری عێراق، ئەمانەو جگە لەهەندێك کەسی نەفسیەت سوك، بەورگی تێروپڕو گیرفانی پڕەوە خۆیان گەیاندە باوەشی بەعسەوەو هەموو مافێکی هاوولاتیبوونیان پێبەخشرا، درێژەیاندا بەچڵکاوخۆریی و کاسەلێسیی، زۆرینەیان کرانە بەرپرسی فەرمانگە حکومییەکان و هەندێکیتریان بوونە بازرگان و بەڵێندەرو.. هتد، وەلێ ئەم ئاکارو رەوشتانە دورە لەکەسایەتیی حاجی سەعیدەوە، دەبایە بەخوێندنەوەیەك و فۆرمێکیترەوە چارەسەری بۆ بکرایە، مادامەکی کاراکتەرەکە ئەو قورسایی و هەیبەتەی هەیە لەچەقی روداوەکانی دراماکەدا.

لەمانە بترازێین بێینە سەر قالەو سالەی کۆڵهەڵگرەکانی دوکانەکەی حاجی، بەو فۆرم و ئەندازەیەی کە قسانمان لەسەر حاجی کرد، لەسەر ئەو ئاکارو بەخشندەیی و نیشتمانپەروەرییەی کە لەژیان و گوزەرانیدا پیادەی دەکرد، نەدەبایە رێگەی بەقالەو سالە بدایە کە بەو فۆرمە شەکەرۆکە قەشمەریئامێزانەیە مامەڵە لەکن موشتەری دوکانەکەی بکەن، وەك کوێخاو شەڕە ئاردەکە، لالە فەتەو راوڕاوێنی کەباب خواردن..هتد. ئەم بینراوانە جگە لەوەی گرێ و ململانێی روداوەکانیان بەرەو دوا دوردەخستەوە، وەلێ لەکەسایەتی و قورسایی هەیبەتی کاراکتەری حاجی سەعیدیشیان کەمدەکردەوە نەك بەرەو پێشی بەرن. هەلومەرجی ئەو سەر وەختە هەڵایساندنەوەی بزاڤی چینایەتیی و نەتەوایەتیی بوو، دەبایە نوسەر خوێندنەوەو چارەسەری تری بکردایەتە مۆتیڤی قالەو سالە وەك دوو کەسی زەحمەتکێش تێکەڵاوی هێڵی درامی بکردنایەو روداوو کێشەو گرێی بۆ ئاوێزان بکردنایە، هەتا دراماکە دواییهات هیچ وابەستەیەکیان بەساختاری دراماتیکییەوە نەبوو، تەنها یەکجار سالە لەچایخانەکە دەگیرێت و حەمەتاڵ دێت مەرەخەسی دەکات، ئەمەیش هەر شێوازێکی گاڵتەئامێز بوو نەك تۆپیکێکی جاد.

یەکێك لەو کاراکتەرە پتەوو راهێزانەیتر کە قەوارەو قورساییەکی لەسەرانسەری دراماکە گرتووە، کەسایەتی رزگارە. عاشقبوون مۆتیڤی کاراکتەری رزگارە، مەفتونی کوردستان و ئەڤینی هەنار، خۆشەویستی چەمکی بەهاکانی ژیان و رۆحی بەشەریەتە، ژیانیشی بەبێ خۆشەویستی مەحاڵە. درامای گەردەلوولیش بێبەش نەبوو لەم

بەها مەزنەی ژیان، خۆشەویستی پانتاییەکی فراوانی گرتبوو، کەش و هەوایەکی رۆمانسی بەبەر دراماکەدا کردبوو کە بەخاڵێکی پۆزەتیڤ بەگشتی لەقەڵەم دەدرێت، وەلێ لەرووی خەسڵەتی نێگەتیڤانەی ئەڤینی نێوەند رزگارو هەنار، ئاماژە بەسەرنج و تێبینی ئەدەم.. رزگار دەبایە رۆڵی کاریگەرییێتیی لەسەر هەنار هەبایە (مەبەستم لەتەماکانی رزگارە)، بەواتایەکیتر هەناریش یەکانگیر بوایەتەوە لەو کاتیگۆرەی رزگار، ئەوەتا رزگار لەمەنەلۆگێکدا دەبێژێت "ئەی ئەو کەسەی لەخۆم خۆشتر دەوێیت"، کە بەو ئەندازەیە رزگار لەعەشقی هەنارەوە تێوەگلابێت، ئەستەمە کاریگەرێتیی لەسەر هەنار نەبێت، هەناریش دەبایە بکرایا بەوێنانی سومبولی کیژانی تێکۆشەری ئەو ئان و زەمانە. دوابەدوای مەرەخەسبوونی لەدائیرەی ئەمن، رزگار خوا خوایبوو زوو لێی قوتاربێت، لەبینراوێکدا شەماڵ دوای هەنار کەوتووە، رزگار خۆی لێمەڵاسداون و لەبەر خۆیەوە دەبێژێت "منیش ئا ئەوەم دەوێت"، ئەم حاڵەتە دژ بەیەکن، لەبونیادی کاراکتەرێکی عاشق و تێکۆشەردا ئا بەو شێوازە وەك لەئیپسۆدی حەڤدەدا رزگار لەهەوڵدانی دەسبەرداربونی هەناردا بوو، با سەفەری شاخیش لەبەر دەمبێت، ئاوا بەو ساناییە پێبگوت "حەز دەکەم تۆ سەربەست بیت"، ئەستەمە کاراکتەرێکی تێکۆشەرو شۆڕشگێڕ (مەبەستم لەچەمکە لۆژیکیانەکەیە) ئا بەو ئاکارە ئازاری ئەڤینەکەی بدات! لەمانەیش تێپەڕبین رزگار دەبێژێت "مەسەلەکە ئەوەیە کیانمان لەخەتەردایە"، باشە کیانی نەتەوەیەك لەحاڵەتی خەتەرناکیدا شمولی هەناریش ناکات وەك فەردێکی ئەو نەتەوەو گەلە؟ ئەگەر لەم چیرۆکەی رزگارو هەناردا روح و ئەڤین و تەماکانی بیروباوەڕیان یەکانگیر بوایەو چارەنوسی ژیانیشیان رووەو هەر ئاقارێك گوزەری بکردایە، قەیدینە بوو لەروانگەی فکرییەوە تۆکمەدار دەبوو لەرووی هونەریشەوە چێژدارترو سەرنجراکێشتر دەبوو.

عەباسە فەنی لەدەمەکانی دواییدا بەهۆی چارەنوسی ژیانییەوە لەستایلێکی تراژیدیاییدا کوڕە تاقانەکەی و هاوسەرەکەی لەدەستدەدات، خودی خۆشی بەریسك و جەسارەتەوە بەچالاکییەکی خۆکوژیی هەڵدەستێت، لەدەرەنجامی تۆڵەکردنەوەی کوڕە تاقانەکەی، خودی خۆشی دەبێتە قۆچی قوربانی، بریا بەو دیمەنە لابەلایی و فشقیاتانەوە ئەوەندە سەرقاڵی نەکردایە کە زێدەڕۆیی زۆری پێوە دیاربوو، زیاتر لەئەندازەو ساختاری کاراکتەرەکەی دەچووە دەرێ، کاشکی ئەوەندە دەستی ئەو بەرێوەبەرە سەر رشکنەی ماچ نەکردایە، چونکە خەسڵەتی ئەو کاراکتەرانە، لەنێو چڤاکی کۆمەڵایەتیدا زۆرینەیان خەڵکی رۆح سوك و نەفسیەت بەرزن، مادامەکی ئەم کاراکتەرە ئەو وەرچەرخاندنەی بەسەردابێت، دەبایە وێنایتری بۆ بکردایە، تاوەکو لەسەرەتادا وا شوێنگەی لەبازنەی پەیوەندییەکاندا لاواز نەبوایە.

**زوبان و دیالۆگ:**

دیالۆگ لەدرامادا فاکتەرو چەپەری هزرو بیری نوسەرە بەوەرگر، تەواوکەرو بەرەو پێشخەرە، پاڵپشتی گێڕانەوە کردەیی و وێناکانە، دەبێت یەکانگیر بێت لەگۆکردنی شێوە زاری ناوچەیی کە ئەمە خاڵێکی زۆر گرنگە لەدرامای میلیدا. واتە خوێندنەوە بۆ ئەتنیکی کاراکتەرەکان و پانتایی رواداوەکان بکرێت، گوزارەکردنی کاراکتەرەکان



بەپێی بەهاکانی سروشتی و دەرونی و کۆمەلایەتی بێت.

خەسلەتێکیتری زوبان و دیالۆگ لەدرامای TV بۆ سەراپای چڤاکە نەك بۆ نوخبە، بەبارێکیتر مەبەست لەوە نییە فۆتۆکۆپی لەسادەگۆیی ژیانی رۆژانە بێت و بەس! چونکە ئەمە زوبانی هونەریی و فیکریی لەقەڵەم دەخات، ئەمانە وابەستەیان بەروانگەی فیکریی و دەست و قامەو خەواسی سکرێپترایتەرەوە هەیە کە چۆن گەمە بەچەمکی پەیڤەکانەوە دەکات.

زوبان و دیالۆگ دەبێت کردارەکان پێچەوانەو ئاوەژوو نەکاتەوە.

لەئیپسۆدی یەکەمدا جوان دەبێژێت "کە دکتۆرو قواتخاسەکان هاتن ئازاد نەیتوانی قسەکەی تەواو بکات" گێرانەوەی ئەم دیالۆگە پێچەوانەی کردەکەیەتی، دەبایە سستەرە جوان بیگوتایە "کە دکتۆرو قواتخاسەکان هاتن من نەمهێشت قسەکانی تەواو بکات و دەمیمگرت"، لەئیپسۆدی پێنجەمدا پیرۆز سەبارەت بەحەشارکردنی ئازاد لەماڵەکەیاندا دەبێژێت "حاجی پێت بووتنایە کەس هاتوچۆمان نەکات، خۆت دەزانی کچمان هەیە" حاجی دەبێژێت "ئەوەشم لەگەڵدا باسکردون" وەلێ حاجی شتی وای لەگەڵدا باس نەکردن، لەپێش بەربوونی رزگار، شەوێك هەموو برادەرانی رێکخستن لەوێندەری خڕبوونەوە بۆ گوێزانەوەی ئازاد کە ئەمە پێچەوانەی دیالۆگەکەی حاجی و پیرۆز بوو، دەبایە هوشیار لەگەڵ یەك نەفەریتردا بچوایەو بەس، نەك هەموو دەستەی رێکخستنەکە! لەمەش گەرێین کاتێك حەمەغەریب دەستگیر دەکرێت لەچالاکییەکەدا، چۆن دانی نەنا بەسەر ماڵی حاجی سەعیددا، وەك دانینا بەسەر سستەرە جواندا! هەروەکو ئەم برادەرانە هەمویان خڕبوونەوە لەماڵی حاجی، دەبایە حەمە غەریب بەهیچ کلۆجێك توخنی ماڵی حاجی نەکەوتایە، بۆ خاتری ئەوەی ئەم گومانەمان لادروست نەبوایە.

لەئیپسۆدی سێیەمدا هاوڕێکانی رزگار پرسیاری لێدەکەن سەبارەت بەنائامادەبوونی لەچەند رۆژی رابردوو لەزانکۆدا، دەبێژێت "سەرمای پایز تەواو کاری تێکردم"، دەبایەبیگوتایە "سەرمای زستان.." چونکە چلەی زستانەو لەحەوشەی ماڵەکەشیاندا بەفری لێبوو! ئەم دیالۆگە هیچ ئەنجەتێکی تیانەبوو، سەبارەت تا ئامادەییەکەی رووبەندی زستان بکات و بیکاتە پایز.

زیاد لەپێویست پەیڤی عەرەبی بەکاردەهات لەنێوەند دەمەتەقێکاندا، دیارە لەناو زاری میللیدا زۆر زاراوەو وشەی بێیانی بەکاردێت، وەلێ چەردەیەك پەیڤی عەرەبی بەکاردەهات لەدراماکەدا، زۆر بەکەمی خەلکی سادەگۆ لەشاری سلێمانی بەکاریدەهێنن، دەبایە رەچاوی ئەوە بکرێت و چارەسەری بۆ بکرایە.

**کۆمیدیا:**

هەر لەو ئان و تافەوە کە دراما سەریهەڵداوە، لەسەرەتادا بەستایلی تراژیدیا خۆی دەرخستووە،

پاشان کۆمیدیا، نەك وەك هەڵاوێردێکی نوێ بەڵکو کۆمیدیا هەر لەئەزەلی هەبوونی بەشەرییەتەوە ئامادەیی هەبووە. گەر سەرنجی کۆرپەیەکی ساوا بدەین، بەر لەزمانپژاندنی بەروخسارێکی خەندەیی رووبیدەیتێ، دیقەتبدە ئەویش بەبزەیەکی خەندەو خەنیکراوەوە گوزارە دەکات.

کۆمیدیا بەمانا فەلسەفیی و لۆژیکیانەکەی بەشێکی زیندوی ژیان و هەبوونە، هەر بۆیە لەو ساتە وەختانەوە دوابەدوای تراژیدیا دونیای کۆمیدیاش خۆی هاویشتە ئامێزی ئەم هونەرە فەحلەی بەشەرییەتەوە. خەسڵەتی هونەری کۆمیدی لەدرامادا جودایە لەبەرنامەو پرۆگرامێکی کاریکاتێریی و گاڵتەئامێز، چونکە درامای کۆمیدی بەپرانسیپ و چەمکی تایبەتمەندەوە کار دەکات.

ئەکتەری چاپوك و پرۆفێشنەڵ کاتێك رۆڵی کاراکتەری کۆمیدی یاریدەکات، جودایە لەو کەسەی کە هەموو هۆکارێکی لێبوکیی و شەکەرۆکەی دەخاتەگەڕ، بۆیە زۆر خەنیکردنی تەماشاوان لەپرۆگرامێکی گاڵتەئامێزدا وەیان کەسێکی قۆشمەچی کاتێك نوکتەو قسەی سەیرو سەمەرە دەگێڕێتەوە بۆ خەڵکیی، لەگۆشەنیگای ئەم بۆچونەوە گەر بڕوانینە کۆمیدیا لەگەردەلوولدا، ئەوا بەمانا لۆژیکیانەکەی ئامادە نەبوو، جگە لەرۆڵی کاراکتەری حەمەتاڵ نەبێت، زۆر بەنەرمیی و سانایی ئاکارو کردەوەکانی بونە مۆتیڤی کاراکتەرێکی کۆمیدی، بریا کاراکتەرەکانی تری وەك (عەباسە فەنی و بەڕێوەبەرو قالەو سالە) لەسەر ئەو تەرزە وێنای بکێشرایەوە، دیسپلینی ئەو کاراکتەرە قۆشمەچیانە بکرایە. لەمانەیش بگەڕێین ستایلی دراماکە کۆمیدی نەبوو، تاوەکو تێهەڵکێشی ئەمانە بکرێت، بەمانایەکیتر لەدرامای تراژیدیدا زۆر پێویست و دروستە لەهەندێك بینراودا خەندەی چێژ بەخشدار بخرێتە سەر لێوی وەرگر، لێبەداخە لەدرامای گەردەلوولدا کۆمیدیا بووە دورخەری ئاسۆی خەیاڵ و بیری بینەر لەسەر هزرو تۆپیکی دراماکە لەبینراوە بەناو کۆمیدیەکاندا.

**زانکۆی سلێمانی:**

هەموو ئان و زەمانێك خوێندکاران چین و توێژێکی تێکۆشەربوون، خوێندکارانی ساڵانی (76 و 77)ی زانکۆی سلێمانی سەرقاڵی خوێندنەوەو دەمەتەقێی فیکری بوون، لەو چرکە ساتانەدا بزاڤێکی رۆشنفکریی ئامادەبوو، لەپاش نسکۆی ساڵی 75 شەپۆل و تەوژمی فیکری مارکسایەتی و لیلینیایەتی فرە بایەخدار بوون لەلایەن خوێندکارانەوە، بەتایبەت رێکخستنەکان و هەوادارانی کۆمەڵەی زەنجدەران بەهەردوو تێڕوانینەکەیەوە (کوردستانی و عێراقی)، دەبایە لەو درامایەدا مادامەکی باسی ئەو سەروەختە دەکات وێنای ئەوە ئامادەیی هەبوایە، نەك کتومت بەڵکو بەشێوازێکی ترو چارەسەرو خوێندنەوەیەکی تری بۆ بکرایە، لەمانەیش گوزەر بکەین زانکۆی سلێمانی تەنها خوێندکاری شاری سلێمانی و دەوروبەری لێنەبووە، بەڵکو کوردی شارو شارۆچکەکانیتری کوردستان و عەرەب و تورکمانی تیابووە، ستافی یەکێتی بەناو قوتابیان ئەو وەختە کە زۆرینە خوێندکارە عەرەب و تورکمانەکان و تاك و تووك قوتابی کوردی هەڵخەڵەتاوو ساویلکەیان لەگەڵدا بوو، دەبایە نوسەر سودمەندی لەو لایەنانەوە وەربگرتایە و چیرۆك و روداوو ململانێی لێبخستنایەتە گەڕ، لەنێوەندی خوێندکارە

رۆشنفکرو بەعسییەکانەوە کە دەبووە ڕێچکەیەکی تۆکمەو ڕاهێزران لەستراکچەری درامیدا. لەبواری هاوکاڵاپۆشییەوە جلوبەرگی خوێندکارەکان تەواوبوون، بەڵام ئێخەی ئەو کراسانەیان واداچەقێنراو نەبووە بەتایبەت چلەی زستان، دەبایە ریباتی ڕەساسی یان نیلیان ببەستایە.

**چالاکی قوتابخانەکان:**

شەونمی حاجی سەعید خوێندکاری پۆلی چواری دواناوەندییە، ڕۆڵی لەیدی ماکبێث یاریدەکات و لەچالاکی قوتابخانەکان، ساڵی 78 لەسەر سەکۆی هەمان شانۆی ئاماژە لێکراو، لەنواندن و وەرگێڕان و دەرهێنانی مامۆستا ئەحمەد سالار شانۆی ئۆتێلۆ نمایشکرا، کاک حەمە ڕەشید هەرەس ڕۆڵی یاگۆی پاڵەوانی شانۆییەکەی یاریدەکرد، لەلایەن تیپی شانۆی زانکۆ بوو نەک چالاکی قوتابخانەکان و خوێندکارانی سانەوییەکان! بریا کاک جەلیل لەشکسپیرەوە نەگلایە بۆ خوێندکارانی ناوەندی و دواناوەندیەکان لەو ئان و ساتانەدا.

لەدەڤەری یورکشای ئینگلستاندا، شانۆی ڕۆژئاوایی یورکشار دەیان گروپ کە پێکهاتوون لەپلەی رایتەرو دەرهێنەرو ئەکتەری پرۆفیشنەڵ، ۆرکشۆپ دەکەنەوە بۆ کەسانی ئارەزومەندو خوێندکاران هەر لەقۆناغی سەرەتاییەوە تا کۆلێژو زانکۆکان، لەچەند ۆرکشۆپێکدا بەشداریم لەگەڵدا کردن لەسەر شانۆییەکانی شکسپیر، لەوانە هنری پێنج، دوانزەهەمین شەو، خەونی دوا نیوە شەوی هاوین، لەلایەن خاتوو گەیڵ و جۆن میی کە سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی ۆرکشۆپەکانیان دەکرد لەگەڵ دوو ئەکتەریتردا. باقی بەشدارانی ۆرکشۆپەکان هەر لەتەمەنی 21 ساڵەوە تاکو 50 ساڵ بەشداریان تیا دەکرد. لەئاڕاستەکردنی پرسیارێکمدا بۆ جۆن میی کە شانۆکارێک و دراماناسێکی پرۆفیشنەڵە، سەبارەت بەئاکارەکانی شکسپیر بۆ خوێندکارانی کۆلێژو زانکۆکان و ئارەزومەندانی تەمەن هەرزەکارو بەرەو ژوورە؟ لەوەڵامدا جەختی کردە سەر قسەکانی و گوتی فینۆلۆگی و فەلسەفەی شکسپیر بۆ منداڵ و مێردمنداڵ هەندە سانا نییە. جا ئەوە لەوڵاتی شکسپیردا، بریا لەوڵاتی خۆشماندا کاک جەلیل بیری لەئۆپەرێتێک یان تێکستێکی شانۆی منداڵان بکردایەتەوە هەر لەسەر تەرزی ئەو وەختە، لەمانەیش قوتار بین لەو ساتەوەختانەدا، هونەرمەندان و تیپەکان بەو ستایلە کاریان نەدەکرد! هەر لەسەر شێوازە تەقلیدییەکە کار دەکرا، تازە بەتازە پەردەی شانۆ بەکارنەدەهێنراو لابرابوو.

**زەمەن و لۆکەیشن:**

دوو چەمکی هەر زۆر بەبایەخ و سەرەکی و بنەڕەتین لەسکریپت و سیناریۆدا، بەواتا دراما دەبێت یەکانگیر بێت لەگەڵ زەمەنی ڕووداوەکانی و پابەندی لۆکەیشنی ڕوداوەکان بێت.

لۆکەیشن لەگەردەلوولدا، تاڕادەیەک دەرهێنەر توانیبووی ڕوخساری زەمەنەکە ئامادەو زیندوو بکاتەوە، لەگەڵ ئەمانەیشدا شاری سلێمانی تەنها ئەو کوچەو کۆڵانانە نەبوو، دەبایە هەندێ شەقامی وەکو چوارباخ و سەرشەقام.. هتد ئەو خیابانانەی کە ڕوخساریان نەگۆڕیون بەکاربهێنرایە، چونکە شاری سلێمانی پانتایی ڕوداوەکانی دراماکە بوو. بۆ خاتری زیاتر ناساندن و چێژدارکردنی

رووداوەکان‌و بەزیندوکردنەوەی دیزاینی زەمەنە پێشینەکە. زەمەن لەدراماکەدا بەپێچەوانەی لۆکیشن بوون واتە گوزەرکردنی لەزەمەن ناتەبابوو.

زەمەن لەدرامای مێژووییدا گەر مێژووەکە دێرین بوو یان نوێ هاوزەمەن نییە بەبینەر، بەڵام لەپرانسیپی سکرێپتی سۆپێئۆپێرادا چرکەساتەکانی روداوی دراما کە یەکانگیرە لەگەڵ وەرگردا، پێچەوانەی درامای مێژووییە. مەودای زەمەنیی لەدرامای گەردەلوولدا لەسێ مانگ پتر نییە، واتە لەکۆتایی ساڵی 76و کۆتایی مانگی شوباتی ساڵی 77 کۆتایی پێدێت، بەواتایەکیتر وەرزی زەمەنە درامییەکە زستانە نەك بەهار! لەئیپسۆدی بیست‌و چواردا لەپشت سەری دڵشادەوە نوسرابوو "1977/2/25" لەدیالۆگێکی ئەو کاراکتەرەی کە گۆرانییەکەی خوالێخۆشبوو رەفیق چالاك دەبێژێت گوتی "دوو مانگە منداڵەکان ئاگایان لێم نییە" ئەم برادەرە لەسەرەتای روداوەکاندا دەستگیر کرا. واتە مەودای روداوەکان لەگەڵ زەمەندا ناتەبایەو پاش‌و پێشی تیا بەدیدەکرا! هەر لەئیپسۆدی یەکەمەوە بەفر لەحەوشەی ماڵی رزگار بینرا واتە چلەی زستانە، هەر لەهەمان ئیپسۆددا لەدوای چالاکییەکەو دەسگیرکردنی دڵشاد خەسوی بەهاوار هاوار خۆی گەیاندە لای مێردەکەی لەسەر قەبران، دەبێژێت "ئەی هاوار پیاوەکە دڵشادی زاوامان گیراوە" لەم بینراوەدا نەك سەرەتای بەهار بوو، بەڵکو گژوگیا تەواو کامڵ‌و نێرکی کردبوو، پەلکی دارەکان تەواو کەسکبوون واتە بەهارێکی درەنگ وەختە بوو! هەر لەدیمەنی زانکۆدا لەئیپسۆدی دوو سێدا، کاتێك خوێنکارەکان پیاسە دەکەن لەگۆرەپانەکاندا، هەرچی ئاسەواری سەرماو چلەی زستان هەیە ئامادەیی نەبوو، ئەمە جگەلەوەی گژوگیاو شەتڵ‌و پەلکی دار لەزانکۆش ئاماژەی بەوەرزی بەهار دەدا. هەر لەدیمەنی شەونم‌و دەستەخوشکەکەی کە دەچونە قوتابخانەو دەگەڕانەوە، دارو درەختەکانی ئەو ماڵانەی کە گوزەریان دەکرد بەلایدا، پەلکەکانیان تەواو کامڵ‌و کەسك بوون. لەئیپسۆدی حەڤدەدا دوای مەرەخەسبوونی رزگارو بەیەکگەیشتنیان لەگەڵ هەنار لەسەرچنار، لەم بینراوەشدا بەهارێکی درەنگ وەختبوو. لەئیپسۆدی بیست‌و چواردا ئاماژەمدایە نوسرابوو "1977/2/25"، واتە بەپێی ئەم دوو بینراوە زەمەنی دراماکە بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە! دەبایە پێشوەخت دەرهێنەر پلانڕێژیی پرۆسێسی کارەکەی بکردایە، بۆ خاتری ئەوەی لەکاتی تۆمارکردندا تووشی تەگەرەو ئیشکالییەت نەبوایە، چونکە ئەوانەی ئاماژەم پێدا هەڵەی گچەکە نین لەکاری درامیدا، هەندێ جار کەموکورتیی‌و هەڵەیەکی گچەکە کارێکی فەحل‌و زەبەلاح بەرەو هەڵدێران دەبات.

**خەون‌و خەیاڵکردنەوەو فلاشباك:**

لەدرامای TV و سینەماییدا، دەبێت ئەم چەشنە دیمەنانە جودا بکرێتەوە لەگەڵ بینراوە نۆرماڵەکان، واتە تێمپۆو تۆن‌و رەنگیان جودایە، بەپێی دۆخ‌و کەش‌و هەوای بینراوەکە بەرجەستە دەکرێت، بەواتایەکیتر سایکۆلۆژییەتی بینراوەکە سنورداری چۆنییەتی بەرجەستەکردنی دەدات. بەبارێکیتردا گەر بینراوەکە خەونبوو دەبێت تێمپۆو تۆن‌و رەنگ جودابێت لەگەڵ خەیاڵکردنەوە یان فلاشباکی دیمەنێکی فاکتی پێشینە، واتە هەریەکەیان دەبێت جیابکرێتەوە لەویدی، نەك هەر هەموویان بەیەك فۆرم بەرجەستە بکرێن، هەر هەمووشیان

دەیسانەوە لەگەڵ دیمەنی ئاساییدا دەبێت جیاوازبن.

لەدرامای گەردەلوولدا خەون و خەیاڵ و فلاشباك بەیەك فۆرم بەرجەستەكرابوون، واتە خەونەكەی ژاڵە بەمەرگی شێركۆوە، خەیاڵكردنەوەی هەنارو رزگار، فلاشباكی داوێن پیسییەكەی جەباری مێردی ژیان، خەیاڵكردنەوەی عەباسە فەنی لەكاتی كوژرانی میرانی كوڕیدا، سەرجەم هەمویان بەیەك تێمپۆو تۆن و رەنگ بەرجەستە كرابوون، بەبارێكیتردا هەمویان بەیەك شێواز جودابوون لەدیمەنە نۆرماڵەكان.

لەمانەیش تێپەڕبین، بێینەوە سەر چیرۆكی داوێن پیسییەكەی جەبارو گێڕانەوەی بەفۆڕمی فلاشباك لەلایەن ژیانەوە بۆ شێركۆی داواگر، ئەم بینراوە پێویستی بەو شێوازە فلاشباكە نەدەكرد، لەبەرئەوەی ژیان هەنوكە لەنەخۆشخانە كەوتووە، واتە پێدەچێت چەند رۆژێكی كەم بێت روداوەكە نەك پێشینەیەكی دوور، دەبایە ئەم روداوە بۆ خۆی رێچكەی لەسەر هێڵە درامییەكە بەنۆرماڵیی وەربگرتایە، لەبەرئەوەی روداوەكە نوێیەو دیمەنەكەش نزیكەی دە خولەك دەبوو، واتە لەئیپسۆدێكی سی خولەكیدا دروست نییە دە خولەك تێمپۆو تۆن و رەنگ جودا بێت، دەبایە چارەسەرێكیتری هەبایە كاتێك ژیان بۆ شێركۆی دەگێڕێتەوە. خەون و خەیاڵ و فلاشباك بەناساندنێكی تر لەرووی ئەكشن و سۆزەوە دەبێت چركەساتەكانی كورت و كاریگەرو هەژێنەر بێت لەسەر وەرگر.

**<u>بڕینی كۆتایی ئیپسۆدەكانی زنجیرەكە:</u>**

زنجیرەی گەردەلوول لەگەڵ كۆتاییەكەیدا بیست و پێنج ئیپسۆد بوو، بێ لیستی كاست و بەشداران و پریڤێسلی بینراوی كۆتایی ئیپسۆدی پێشوو، تێكڕا (24–26) خولەك دەردەچوو، گەر پوختە بكرایەو چڕوپڕ خەست بكرایە بە(10–12) ئیپسۆدی چل خولەكیی، پێموابوو زۆر نایاب دەبوون.

لەمەیش بترازێین لیستی بەشدارو كاستەكان دورو درێژە، بەرەكەتیان تێبكەوێت دەبایە ناو دێركراوەكان لەپێش و لەپاشی ئیپسۆدەكە دابەشكرانایە، نەك هەموو ناونوسكراوەكان لەلیستی پێشەوە بێت. هەرچەندە بەو میلۆدیە چەلەنگەی هونەرمەند عەبدوڵڵا جەمال، بەو چركە رەسەنەی كوردستانی رۆژهەڵات كاك ئیسماعیلی سابوری، بەو پەیڤە ناسكانەی كاك ئیسماعیل محەمەد كۆڵاو گوڵباو كرابون. بڕینی ئیپسۆد دەبێت بینەر توشی شۆك و سەرسوڕمان بكات، بەتامەزرۆیی و سەرنج ڕاكێشییەوە چاوەڕوانی ئیپسۆدی شەوی ئاییندە بێت، وەك ئیپسۆدی یەكەم كە وەرگری بەتەماكردو دراماكەی تەواو لا خۆشەویست كرد، لەبارێكی ترەوە لەئیپسۆدی یانزە بەپێكەنینە سەیرو سەمەرەكەی بەڕێوەبەر دواییهات، بینەر چاوەڕێی هیچ ناكات لەئیپسۆدی دوانزە چی ڕوودەدات!

لێرەدا ناكرێت ئاماژە بەقفڵی هەموو ئیپسۆدەكان بدەم، مادامەكی سكرێپتنووس و دەرهێنەر یەك كەسە، ئەم كارە ساناترە، چونكە كاتێك رەشنوسی سكرێپتەكە دەنوسێت، خۆشی (دەرهێنەر) ئاگایی لەتێمپۆی روداوەكان و جوڵەی فرێمەكانی كامێرا هەیە، دەزانێت لەكوێدا كۆتایی بەقفڵی ئیپسۆدەكە دێت ویستگەیەكی هەژێنەرو كاریگەر بخوڵقێنێت بۆ سەرسوڕماندنی تەماشاوان.

**<u>هەندێ كەموكورتیی و كزونزمیتری ناو دراماكە:</u>**

بێگومان لەهەموو دونیادا كاری هونەریی بێ كەموكوڕیی نییە، واتە هەڵەو پێنەزانین لەهەندێ

بواردا نەنگی نییە بۆ ئەم کارەو کاری تریش، دراماى گەردەلوول کەموکوڕیی زۆرە، ناکرێت لەهەموو ئیپسۆدەکاندا هەڵەکان خاڵبەند بکەم، جگە لەو هەڵەو کەموکوڕییانەی بەفۆرمێکی گشتی ئاماژەم دایە، هەندێك کەموکوڕیی تر هەن بەشێوەیەکی زۆر کورت ناودێریان دەکەم.

1- لەئیپسۆدی (2) رزگارو سستەرە جوان دەچن دەرزی لەئازاد بدەن، دەرگای ژورەکەی ئازاد قفڵی پێوە نەبوو! دوابەدوای دەرزی لێدانەکە دەڕۆنە دەرەوە، بەچەند چرکەیەك دوای ئەوان برادەران دەگەنە بەردەم ژورەکە، دەرگاکە قفڵی پێوە بوو، دەبوایە لەپێشدا قفڵی پێوەبوایە گرنگتر بوو، گەر لەدواییدا قفڵیشی پێوە نەبوایە زۆر بەیاخی نەدەبوو.

2- ئەو سەر وەختە کارەبا هەمیشە بەردەوام بووە زۆر بەدەگمەن کارەبا دەبڕا، کەچی لەزۆربەی ماڵەکاندا بەتایبەت رۆژ بەدەست لەدەرگا دەدرا، هەروەها هەموو ماڵەکان تەلەفونیان هەبوو، راستە ئەو ئامێرە ئەو کاتە بەکاردەهات، بەڵام سەدی دەی ماڵان ئەو کاتە خاوەن تەلەفۆن بوون!

3- لە ئیپسۆدی (11) نەخشین دانیشتووە تەماشای تەمسلی پاڵتۆ دەکات، میران دێتەوە دەیگۆڕێ بۆ سەر یاری فتبۆڵ، پاشان عەباسە فەنی دێتەوەو گۆشتی کڕیووە بۆئەوەی نەخشین لێیبنێت بۆ ئەم ئێوارەیە، تاکو دەڕوات بۆ نادی دەگەڕێتەوە بۆ خواردنی تشریب! بەمەزەندەی ئەو وەختەو زستان کات دەبێت نزیکەی سەعات 5 یان دەوروبەری پێنج بێت.

کەرکوك TV ئەو وەختە سەعات (6)ی ئێوارە پەخش دەستی پێدەکرد بەسڵاوی کۆماریو قورئانو فیلمی کارتۆن.. هتد، پاڵتۆ لەکاتی سەهرە (هەرچەند ئەو کاتە پرۆگرامی کوردی زۆر کەمبوون) واتە دەوروبەری سەعات 9 سەهرەی شەو دەستی پێدەکرد، نەك لەئێوارە وەختێکی زوودا!

4- لەئیپسۆدی (4) سالە لەچاپخانەکە دەیکاتە هەراو فەرتەنەیەك تاکو چایەکی بۆ دەهێنن کە قالە دێت بەشوێنیدا دەینرێتەوە بۆ دوکان، سالە چاکەی بەجێدەهێڵێتو نایخواتەوە! سالە بەپێی ئەو فەرتەنەیە بۆ ئەو چایەو ئەو ئینکاریکردنەی کە لەگەڵ قالە هەیەتی، نەدەبوو یەکسەر چاکەی نەخواتو بڕوات، دەبوو بیگوتایە (باشە با چاکەم بخۆم ئینجا دەڕۆم). هەر لەدیمەنێکیتردا بەجووتە دانیشتون، شەوەو باسو خواس دەکەن.. سالە لەسەرما بەتانییەکی لەخۆیەوە ئالاندووەو هەڵدەلەرزێت لەبەردەم عەلادینەکەدا دانیشتون، کەچی دەرگای ژورەکە لەسەر پشتە!

5- لەئیپسۆدی (21) کات رۆژە منداڵان خەریکی گەمەو وازیکردنن لەو کوچەو کۆڵانانەدان سستەرە جوان بەیاننامە بڵاودەکاتەوە! سەروەختی خۆی کاتێك کە رێکخستنە نهێنییەکان بەیانیان بڵاودەکردەوە، بەشەبەقیو بەرەبەیان یان ئێوارە وەختێکی درەنگ بڵاودەکرایەوە لەمەش بترازێین هەواڵدزێك پرسیار لەمنداڵەکان دەکات "ژنێکی عەبا بەسەرتان نەدیوە؟!" بێگومان ئەو کۆڵانە ئەو وەختەو هەنوکەش دەیان ژنی عەبا بەسەر گوزەر دەکەن!.. هەروەها هیچ ئاڕاستەو ئاماژەیەکی پێشوتر دەرنەخرا کە ئەو هەواڵدزە چاوی لەجوان بێت کە بەیان بڵاودەکاتەوە، چونکە هیچ دەرخەرێك نەبوو کە ئەو تاقیبی دەکات وە یان جوان خۆی لێقوتار کردبێت تاکو منداڵەکان بەجوانیان گوت "پیاوێکی ملپێچ سور بەدواتەوەیە"!

6- ڕەجەبی قاوەچیی کە دێت بۆ دوکانی حاجی سەعید، دەرگای دەرەوەی دوکان پێوەدرابوو دێتە ژوورەوەو دەرگاکە پێوە دەداتەوە! هیچ پاساوو بەهانەیەك ئامادەیی نەبوو لەداخستن‌و کردنەوەی دەرگای دەرەوەی محەلەکەی حاجی سەعید لەکاتی هاتنی ئەم قاوەچییەدا.

7- لەماڵی حاجی سەعید، لەیەکێك لەدیمەنەکاندا مەنجەڵێکی مس لەسەر تەباخی غازەکە چێشتی تیا لێنرابوو! دیارە مەنجەڵی مس ئەو وەختەو پێشترو هەنوکە گەر چێشتی تیا لێبنرێت، لەسەر ئاگری دارو سکل‌و پشکۆو ڕەژوو، نەك لەسەر تەباخی غاز! لەمەش ئاشکراتر ئەو وەختە قوشقانەو قازانی فافۆن فەراهەمبوو بەکاریش دەهات.

8- لەئیپسۆدی (7)دا بەیانییە، شێرکۆ چاکەتێکی سورو رینکۆتێکی ڕەشی لەبەردابوو دێت بۆ مەحکەمە ئەو کاتەش کە یەکەمین جارە چاوی بەژاڵە دەکەوێت، هەر ئەو ڕۆژە بۆ نیوەڕۆکەی دەچێت بۆ نەخۆشخانە بۆ لای ژیانی خوشکی ژاڵە! کەچی لەوێندەرێ قاتێکی ڕەساسی لەبەردابوو رینکۆتێکی ڕەساسی بەسەر دەستەوەیە! بۆخۆشی جەخت لەسەر وەختەکە دەکات‌و دەبێژێت "ئەم بەیانیە ژاڵە خانم لابوو"! ئەمە پێی دەگوترێت بەردەوامیی کە دەبێ کەسێکی بۆ دابین بکرێ ئاگای لەو مەسەلانە بێت‌و جل‌و بەرگ‌و میکیاژو ئیکسسوارەکان ڕێکبخات.

9- یونسە فەنی لەهەندێك بینراودا شەپقەیەکی زۆر غەریبی لەسەردابوو! ئەو وەختە چەندەیەکی زۆر کەم‌و ناوازە خەڵك هەبوون شەپقەیان لەسەر دەکرد، بەڵام لەو چەشنە شەبقەیە! گەر ستارەیەکی بەکار بهێنایە باشبوو، هەرچەند ئەو وەختە تاکو توکێك مابوون لەشاری سلێمانی لەکارمەندە کۆن‌و خانەنشین کراوەکان ستارەیان بەکاردەهێنا.

10- گروپی ڕێکخستەکەی ناو شاری سلێمانی کە دەچنە شاخ‌و شار بەجێدێڵن لەپاش چالاکییەکە، تا ئەوکاتە لەنێو دراماکەدا زەمەن دوو مانگ‌و نیو تاکو سێ مانگی بەسەر تێپەڕیوە، کەچی حەمە غەریب لەڕۆژی چالاکییەکەوە تاکو ئەوکاتەی دەگیرێت‌و لەئاسایش داندەنێت بەسەر جوانا، هەر ئەو پاڵتۆ ڕەش‌و پانتۆڵەی لەبەردابوو! لەچ زەمەنێکدا کەسێك هەبووە چوبێتە شاخ بۆ پێشمەرگایەتی بەو کەلوپەلەوە بڕواتە دەرەوە؟! لەمەش قوتاربین بێینەوە سەر دەستەی پ. م سەرەتاییەکان، بێگومان ئاشکرایە ئەو وەختە شۆڕش کەم دەستبوو لەرووی ماددییەوە، لەرووی کەرەسەو تفاقی عەسکەرییەوە، کەچی پێشمەرگەکان هەموو کلاشینکۆفیان پێبوو، بەتایبەت زۆربەشیان موزەلیان پێبوو! ڕاستە کلاشینکۆف باشترین چەکی پارتیزانیبوو، بەڵام شۆڕش ئەو کاتە خاوەنی ئەو هەموو کلاشینکۆف‌و موزەلیە نەبووە، هەروەکو لەشیعرە مقاوەمەکانی مامۆستا شێرکۆ بێکەسدا کە دەڵێت (بەسێ چوارێك تفەنگێکی ژەنگ) دەبایە ئەو وەختە سەمیتۆڤێك، سەلیبێك، بڕنەوێکی وەسەت یان سەخت، پەڕەشوتێك، غەدارێك، یەکێك لەو پارچە چەکانە دەبایە ئامادەیی هەبوایە لای پێشمەرگەکان.

هەروەها کە لەماڵەکەدان خاوەن ماڵەکە دەچێتە دەرەوەی ئاوایی پێشمەرگەکان بەئاگادێنەوە، یەکێکیان دەبێژێت "ئەبێت خاوەنی ئەم ماڵە بەم بەیانییە زووەو شەبەقییە بۆ چوبێتە دەرەوە"؟! کەچی کە دێنە دەرەوە لەوە دەچێت یان پێش

نیوەڕۆ بێت، نەك بەرەبەیانو شەبەقی! هەروەها دەبایە ئەوەش رەچاوکرایە کە پ.م لەو وەختەدا هەر بەتاریکی بەیانیان ئاواییان بەجێدەهێشتو دەچوونە کەژەکان بۆ حەشار، هەمیشە حکومەت لەتاقیبو پارێزدا بوو بۆ دەستە سەرەتاییەکان، هەر لەم دیمەنەدا کە هێشتا بەپێی زەمەنی دراماکە هەر زستانە کەچی دەشتو شینایی بەهارێکی درەنگ وەختە.

**نواندن لەدرامای گەردەلوولدا:**

نواندنی بەردەم کامێرا جودایە لەگەڵ نواندنی سەر سەکۆی شانۆ یان بەردەم بینەر. ئەم ستافەی کە دەرهێنەر خڕێکردبوونەوە لەم درامایەدا زۆرینەیان ئەکتەری بەئەزمونو خەواس بوون لەمەودای شانۆییدا، وەڵێ لەگەڵ ئەو گرفتو تەگەرەیدا بەشێوەیەکی گشتی نواندن شوێنگەی جوانکاری گرتبوو، لێرەدا بەداخەوە دەرفەتی ئەوەندەمان نییە کە یەکە بەیەکە ئەکتەرەکان لەمەحەك بدەین، ئەوەی شایەنی گوتن بێت بەشێوەیەکی گشتی ئەم ستافە چۆن لێزانانە دەرهێنەر دەستنیشانی کردبوون، ئەوانیش زۆرینەیان زانیویانە لەچ کارێکدا بەشداریان کردووە، ئەمە بەخاڵێکی پۆزەتیڤو سەرکەوتووانە لەقەڵەم دەدرێت، هەم بە دەرهێنەر هەم بۆ ستافی ئەکتەرەکانیش.

درێژەی نەدەمێ دەستخۆشیو بەردەوامی بۆ هەموویان دەخوازم، هەر لەکەروێشکەکانی حەمەتاڵەوە تاکو مامۆستا کاوەی ئەحمەد میرزاو کاك جیهاد دڵپاك.

یەکێك لەو ئەکتەرە خاوەن ئەزموونو داهێنەرانەی کە لەسەرەتای دە ساڵەی هەفتاوە شێلگیرانە خاوەنی بەخششە، هونەرمەند "عومەر دڵپاك"ە لەیاریکردنی رۆڵی حاجی سەعیددا، بەرجەستەی سوباتی گەیاندە لوتکەی ئەفراندن، وەڵێ لەم جوانکارییە مەزنەدا تێبینییەك ئاماژە دەکەم، لەو دەمەی کە حاجی لەنەخۆشخانەوە قوتاری دەبێت، لەماڵەوە لەسەر جێگاکەی دانیشتووە، سەرقاڵی قسەکردنو گۆشت خواردنە، کاك عومەر لێرەدا بەهەمان شێوازی پێشوتر نواندنی لەرۆڵەکەیدا دەکرد، دەبایە رەچاوی ئەوەی بکردایە ئاسەواری ئەو جەلدە بەهێزە لەکارەکتەرەکەیداوە، دەبایە لەنواندنەکەیدا ئامادەیی هەبوایە، نەدەبایە ئەو هەڵەیە بەسەر کاك عومەرەوە دزەی بکردایە، چونکە کاك عومەر ئەکتەرێکی زۆر بەئاگاو وردبینە، بەهەرحاڵ تەمەنناى تەمەندرێژو سەرفرازی بۆ دەخوازم. یەکێك لەو ئەکتەرە رۆح سوكو خۆشەویستانەی چارەگرانیی کارەکتەری ملازم جاسمی یاریدەکرد هونەرمەند (موفق عارف)ە، بەرجەستەی رۆڵەکەی چەلەنگانە بوو، تەمەننای بەردەوامیی بۆ دەخوازم. لەگروهی رێکخستندا کاراکتەری رزگار کە هونەرمەند (پشتیوان نوری) رۆڵەکەی یاریدەکرد، توانیبووی بەهۆی گوزارەکردنی روخساری دەموچاوی، جوانکارییەك بداتە کاراکتەرەکەی، دەستخۆشی لێدەکەم، وەلێ چەند تێبینییەکم هەیە لەسەر نواندنەکەی، زۆر بەکارهێنانی هەردوو دەستی.. لەکاتی نواندنی بەردەم کامێرادا ئەکتەر دەبێت زۆر بەدیقەتو بەئاگابێت لەبەکارهێنانی دەستدا، لە TV دا جودایە وەك لەسەر شانۆ، دەبێت ئەکتەر رەچاوی ئەوە بکات.

کاتێك کە لەئەمن دەربازی دەبێت، هیچ ئاسەوارێکی ئەشکەنجەدانی پێوە دیارنەبوو،

چونکه گەر پرسیار بکرێت لەوانەی کە سەر وەختی خۆی گیراون لەئەمن ئەم خاڵەی لائاشکرا دەبوو، دەبایە کاتێك لێپێچینەوە لەسەر کاراکتەرەکەی دەکرد رەچاوی ئەو خاڵەیشی بکردایە، لێرەدا خاڵێکی ترم هاتەوە یاد هەرچەندە پەیوەندی بەنواندنەوە نییە، بەڵام لێرەدا ئاماژەی پێدەدەم، چونکە پەیوەندیدارە بەرزگارەوە، ئەویش لاجانی کاراکتەرەکەیە، لەهەندێك بینراودا لاجانەکانی تەنکن هەر لەهەمان رۆژو وەختدا لەبینراوێکی تردا لاجانەکان ئەستورن، ئەمە پەیوەندی بەکۆنتینیوەتیەوەی ساتەکانەوە هەیە، دەبێت کەسێك تایبەتمەندبێت لەئاگادارکردنەوەی ئەکتەرەکان لەمیکیاژو جلوبەرگ و ئێکسسوار.. هتد، خاتوو (گەزیزە عومەر عەلی) یەکێکە لەو ئەکتەرە سەرکەتووانەی تری ناو دراماکە کە بەو توانا لێهاتووەی خۆیەوە توانیبووی رۆڵی سستەرە جوان بەرۆحێکی تەوار ئاساوە بەرجەستە بکات، خوازیاری بەخشش و بەردەوامی بۆ دەکەم. کاك (ماهر حەسەن) یەکێکە لەو ئەکتەرە کۆمیدیانەی ناو دراماکە، لەسەرەتادا تاکو لەدەستدانی میرانی کوڕی ئەم کاراکتەرەی بەشێوەیەکی زۆر کۆمیدی زێدەڕۆ بەرجەستە کردبوو وەلی کاك (ماهر حەسەن) من لەنزیکەوە لەو ساتانەوە کە پێکەوە لەپەیمانگا بووین هاوڕێ و دۆستمە، دەزانم تواناو وزەیەکی چاکی هەیە لەکاری نواندندا، گەر واز لەو شێوازە کاریکارتێریانەی کە دورن لەدونیای هونەری کۆمیدیەوە بهێنێت زۆر سەرکەوتوو دەبێت. گەر بڕوانینە ئەو نواندنە جوانەی لەدوای لەدەستدانی میرانی کوڕییەوە بەرجەستەی دەکرد، بەراوردی بکەین بەو فشقیات و گاڵتە ئامێزانەی پێشتری ئەوا دەبێتە گەواهی بۆچوونەکەم، بەهەرحاڵ خوازیاری بەردەوامی و دەستخۆشی لێدەکەم.

دیسانەوە دەستخۆشی و خوازیاری بەردەوامی بۆ هەموو لایەك دەخوازم بۆ بەخششی ئایندە، هونەرمەند جەلیل زەنگەنە وەك نوسەرو دەرهێنەری ئەم بەرهەمە شایانی دەستخۆشی و رێزلێنانە، چونکە ئەم هونەرمەندە لەسەرەتای دە ساڵەی هەفتاوە لەم بوارەدا شوێن دەست و قامکی دیارەو شێلگیرانە ئەسپی خۆی تاوداوە لەمەودای هونەری کوردیدا سەرفرازی و تەمەندرێژی بۆ دەخوازم.